## ❋❋❋ گوزه ریّ به که له به ری هونه ردا ❋❋❋

(ئاورِیّ بۆسه ر 25 ساڵ چالاکی گرووپی مۆسیقای کامکاره کان)

### به شی : یه که م

نووسه ر : حه سه نی زهووری

وه رگێڕ : ڕێناس جاف

ئاورِدانه وه یێک له25 ساڵ چالاکی بیۆچانی گرووپی مۆسیقای کامکاره کان، ناونیشانی به رنامه یێک بوو بۆ ڕێزنان له کار و هه وڵی مۆسیقایی ئه م گرووپه که به ینیّ له مه و به ر له کۆشکی نیاوه رانی تارانا ، به ڕێوه چوو.

کامکاره کان توانیویانه له ڕێی مۆسیقای ڕه سه نی ئێرانییه وه هونه ری مۆسیقای ئێران، به دونیا بناسێنن.

هه ر بۆیه ئه مرِۆکه نێویان له سه ر زارانه.

هه تا ناوی کامکاره کان ده بریّ(دیّ) مۆسیقای ده وڵه مه ندی کوردیت وه بیر دیّته وه . لای کامکاره کان ، به رزکردنه وه ی مۆسیقای ڕه سه نی کوردی پرِ بایه خی هه یه بۆیه ئه وه نده له هه موو کۆرِ و ئاهه نگێکی مۆسیقایی دا هه ست و نه ستیان وا به لای هه مان مۆسیقاوه .

ئه رچی ئه مرِۆکه زۆربه ی گرووپه کانی مۆسیقایی به ره و مۆسیقای پاپ و مۆدێرن ده کشێن به لاّم ئه م گرووپه هه ر وا له هه وڵدایه میراتی ده وڵه مه ندی مۆسیقایی ، به باشترین شێوه ببووژێنێته وه و نه هێڵیّ له یادان بچێته وه .

پێشوازی به رفره و گه رم و گورِی خه ڵک له شاری تارانا له به رنامه ی مۆسیقایی ئه م گرووپه ، ڕوونکه ره وه ی

ئه م حه قیقه ته یه که گرووپی مۆسیقایی کامکاره کان توانیویه سه رکه وتووانه  هه نگاو هه ڵبگرێ و مۆسیقای ڕه سه نی ئێرانی و کوردی، پێشکه ش به چین و توێژه کانی کۆمه ڵگه ی ئێرانی  بکات.

ئه و خاڵه ی بۆته هۆی ئه وه ی که کامکاره کان  قه ت له مۆسیقای ڕه سه نی ئێرانی دوور نه که ونه وه ، فێر بوونی مۆسیقا به لای باوکیانه وه یه .

"حه سه نی کامکار". باوکی کامکاره کان له ژه نیارانی ڤیۆلۆن بوو که له پێناوی بارهێنانی منالآنیا گه لێ تێکۆشا ، ئه وه ی ئه مڕۆکه له کامکاره کانی ده بینین ، ده ستکه وتی ڕه نج و هه وڵ و ته قه لای فره و فره وانی باوکیانه .

گرووپی مۆسیقای کامکاره کان1344 هه تاوی بۆ یه که مجار له شاری سنه به شێوه ی گرووپێکی بنه ماڵه یی (خێزانی) به سه ر پرسی باوکیان سه یدا حه سه نی کامکار(ڤیۆلۆن) و منالآنی هوشه نگ(ئه کاردیئۆن)، بیژه ن(سترانبێژ و میلۆدیکا)، په شه نگ( سه متوور)، قه شه نگ(سترانبێژ و ڤیۆلۆن) و ئه رژه نگ(تومبه ک و درام) پێک هات.

ئه وان له نێو حه وشه گچکه که ی ماڵه که یانا له شاری سنه ده سیان دایه ڕاهێنان و خۆ ئاماده کردن.

ئه مه ته نیا ده سپێکی به سه رهات و ڕووداوێکی مه زنتر بوو که به گه شه و پێگه یشتنی منالآنی له فێرگه که ی سه یدا حه سه نی کامکاردا زێتر بالآی کرد.

ساڵی1348 هه تاوی ئه م گرووپه به  ئه ندامێتی هوشه نگ ( ڤیۆلۆن و ڕێبه ر)، بیژه ن(تار و سترانبێژ)، په شه نگ ( سه متوور)، قه شه نگ( سترانبێژ)، ئه رژه نگ(تومبه ک)،

ئه رده لاّن(عوود) و ئه رده شێر(كه مانچه) به شێوه ی
فه رمی له شاره كانی ورمێ، سنه و زۆر شاری دی ستانی
كوردستانا ده سیان دایه ئاهه نگ گێڕان.
ئاشنایێتی" حه مه ڕه زا لوتفی" ده گه ڵ گرووپی كامكاره كان،
بوو به هۆی ئه وه ی هه تا ئه م گرووپه ، شێلگیرانه تر
دووی ئامانجه كانی بكه وێ.
حه مه ڕه زا لوتفی كه ده وره ی سه روازی له شاری سنه
وه پشت سه ر ده نا، خۆی له گرووپی كامكاره كان نێزیك
كرده وه و هه ر ئه و پێوه ندییه نێزیكه ش ، دواتر بوو به هۆی
نێزیكایه تی بنه ماڵه یی و ئه و بوو به زاوای كامكاره كان.
ئه و وه ك ژه نیارێ میوان، له هه ندێ ئاهه نگ و كۆنسێرتدا به
شدار ده بوو، بڕێك جاریش به تاك ژه نی هاوڕێیه تی بیژه نی
ده كرد .
هه وڵی بێوچانی "حه سه نی كامكار" بۆ فێر بوونی ئامێره كانی
مۆسیقایی وه ك تار، ڤیۆلۆن، و ئامێره كانی بادی ئه رته ش،
بوو به هۆی ئه وه ی هه تا منالآنیشی ، فێری ئه و ئامێرانه بن.
حه سه نی كامكار له دانان و پێك هێنانی ئه و گرووپه
بنه ماڵه یی یه گه وره ترین ڕۆڵ و ده وری گێڕا و هه تا
به ئه مڕۆكه ش جێ په نجه ی ئه و سه یدا ژێهاتی و لێزانه به
بالآی به رهه مه كانی گرووپه كه ی كامكاره كانه وه
گه لێ خۆیایه .
حه سه نی كامكار له دوا سالآنی ژیانیا تووشی بوو به تووش
نه خۆشی كوشنده ی شێرپه نجه وه و ئیدی بۆ هه میشه
ماڵئاوایی له گرووپه كه ی كامكاره كان كرد.
ساڵی 1350 هه تاوی هه ندێ له ئه ندامانی بنه ماڵه كه ی
كامكار وه ك هوشه نگ، بیژه ن، ئه رژه نگ و ئه رسه لان،

بۆ درێژە دان بە خوێندنە کە یان، ڕێی تارانیان گرتە بە ر.
لە و نێوانە دا جگە لە ئە رژە نگ کە گە لێ هۆگری کاری نیگارکێشی و وێنە کێشی بوو، ئە وانی دی ڕێیان کە وتە کۆلیژی مۆسیقای زانکۆی هونە رە جوانە کانی تاران.
ئە وان پاشی بە ینێ هاوڕێ دە گە ڵ "حە مە ڕە زا لوتفی"، "پە رویز موشکاتیان" و" حسێنی عە لیزادە" و چە ن هونە رمە ندێکی ناسراوی دی ، گرووپی مۆسیقای "شە یدا و عارف" (یان) دانا کە زۆر کۆنسێرتی سە رکە وتووانە ی بە دە نگە بە سۆزە کە ی "حە مە ڕە زا شە جە ریان" و "شارام نازری"، گێڕا.
ئە و کۆنسێرتانە بە سە رپرسی و ڕێبە رێتی حسێنی عە لیزادە، داهێنانێکی هونە ری لە مۆسیقای ڕە سە نی ئێرانیدا چێ کرد.
گرووپی شە یدا و عارف یە ک لە باشترین گرووپە کانی مۆسیقایی سە ردە می خۆ بوو کە لە چوارچێوە ی ئۆرکێسترای مە زنە وە ، لە سە ر شانۆ ئامادە دە بوو و دە کە وتە گێڕان و بە ڕێوە بردنی ئاهە نگی مۆسیقایی.
کامکارە کان وێڕای بە شداری لە نێو گرووپە کە ی شە یدا و عارف دا ، گرووپە کە ی خۆشیان هە ر وا چالاکانە مژولی کاری هونە ری بوو.
"هوشە نگی کامکار" هە ر لە و سالانە دا بۆ درێژە دان بە خوێندنە کە ی ، ڕێی دە رە وە ی وڵاتی گرتە بە ر و دە گە ڵ مۆسیقای کلاسیکی ڕۆژاوا، ئاشنایێتی پە یا کرد و هە ر دوا بە دوای ئە و ئاشنایێتی یە، چە ندین بە ستە ی جوانی سە مفۆنیکی پێشکە ش کرد کە لە و نێوانە دا دە کرێ ئاماژە بکە ینە " لە کوێنە ئە ی شە هیدانی خودایی" و " لە گوڵستانە " دا.

به هره ی بالآی هوشه نگ له چێکردنی به سته ی فارسی و کوردی دا بوو به هۆی ئه وه ی گرووپی کامکاره کان
به سه رپرسی و به ڕێوه به ریّتی برا گه وره که یان
له دوو به شی مۆسیقای فارسی و کوردی دا، زۆر به رهه می ناوازه ی بئافرێنێ.
زۆربه ی به رهه مه کانی گرووپه که ی کامکاره کان،
ساخته ی ده ستی هوشه نگی کامکاره.
هوشه نگ به هۆی ئاشنایێتی فره ی له سه ر مۆسیقای جیهانی و له و لاشه وه ڕۆچوونی به ناخی مۆسیقای ڕه سه نی ئێرانیدا توانیویه ، باشترین به رهه می مۆسیقایی ، بخولقێنێ.

ژێده ر: ڕۆژنامه ی شه رق، دووشه مه 30 خه رمانانی 1383 هه تاوی

تێبینی : ناونیشانی بابه ته که کاری وه رگێڕه. له هه ندێ شوێندا وه رگێڕانه که ئه چێته خانه ی وه رگێڕانی ئازاد،
هه ر وه ها پێویسته بلّێم ئه م بابه ته هه ندێکیش کورت کراوه ته وه. چه ن تێبینیشم له سه ر بابه ته که هه یه ، با بمێنێ بۆ دوا به شه که ی .

Renas caf@yahoo.com